Komala Party _ Iranian Kurdistan
secretariat

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەت

**<u>ڕاگەیاندنی ژمارە 7ی سکرتاریەتی کۆمەڵە</u>**

# ناڕەزایی جەماوەری لە شارەکانی کوردستان درێژەی هەیە
# ئەمڕۆ خەڵکی شارەکانی سنە و بانە ناڕەزایی خۆیان دەربڕی

لە درێژەی ناڕەزایی جەماوەری دژ بە جنایەتی ڕژیم لە شاری مەهاباد و شارەکانی‌تری کوردستان، سەعات 12ی نیوەڕۆی ئەمڕۆ، کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی شاری سنە و نوێنەری ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە بەرانبەر ئۆستانداریی کوردستان لە شاری سنە کۆبوونەوە و بە هەڵگرتنی پلاکارد، پشتیوانی‌یان لە داخوازێکانی خەڵکی شاری مەهاباد و شارەکانی‌تری کوردستان کرد و سەرکوتکارییەکانی ڕژیم لە شاری مەهاباد و شارەکانی‌تریان مەحکووم کرد.

مانگرتووانی بەردەم ئۆستانداریی کوردستان، خوازیاری ئازادی زیندانی‌یان سیاسی، ناساندن و محاکمەی بکوژانی شوانەی سەید قادر، بێدەنگ نەبوونی ڕاگەێنەرەکانی ناوخۆ لە حاست سەرکوتکاری‌یەکانی ئەم دواییانەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و کۆتایی هێنان بە حکوومەت نیزانی و سەرەڕۆیی بوون.

لەو ڕاگەیاندنەدا کە بە ئۆستانداریی کوردستان دراوە، هەروەها ئێعدامی کەسانی ژێر 18 ساڵ لە شاری مەشهەد مەحکووم کراوە.

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە چەند کیلومیتری شاری بانە و لە نزیك ئاوایی نجنێ، بەکرێگیراوانی ڕژیم تەقەیان لە ماشێنێکی سایپا کرد و بوونە هۆی مەرگی دوو کەس بە ناوەکانی لۆقمانی نەسروڵلاهی و حەکیمە سوور، خەڵکی ئاوایی کانی‌بن. ئەم کردەوە دڕەندانەیە، ڕق و تووڕەیی خەڵکی شاری بانەی بە شوێنەوە بوو و خەڵکی ئەو شارە بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە حاست ئەم جنایەتە و مەحکووم کردنی و بۆ پشتیوانی لە ناڕەزایی خەڵکی شاری مەهاباد و شارەکانی‌تر، دوکان و بازاڕەکانیان داخست و دەستیان کرد بە خۆپیشاندان لە ناو شەقامەکانی شاری بانەدا. کۆماری ئیسلامی بە ناردنی هێز بۆ شاری بانە، هێرشی کردە سەر خەڵکی ئەو شارە. خەڵك و لاوانیش بەرەنگاریان بوونەوە و هەڵمەتیان بردە سەر بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی و دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژیم. شاری بانە بە گشتی نائارامە و ناڕزاییێکی گشتی لە ئارادایە.

وەستانەوەی بەرینی خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر سەرەڕۆییەکانی ڕژیم، سەلمێنەری بڕیار و ورەی بەرزی ئەم خەڵکەیە بۆ ڕزگاری لە چنگ سەرەڕۆیی و داکۆکی لە خۆیان. ئێمە وێڕای مەحکووم کردنی هەڵسوکەوتی وەحشیانەی کۆماری ئیسلامی، داوا لە هەموو دامەزراوە ئازادیخواز و هەموو ڕێکخراوە و ڕەتە سیاسی‌یەکان دەکەین بۆ لەقاودان و مەحکووم کردنی سەرکوتکارییەکانی ڕژیم لە کوردستان هەوڵی زۆرتر بدەن.

**سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان ئێران**
8ی گەلاوێژی 1384ی هەتاوی
30 جولای 2005ی زای

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)31384**99
Mobile: **009647701405134**
**Fax: 00447043140449**